# بیری نەتەوەیی لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری

بەڕێز عەباس*
(کەلار)

شێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری کوڕی سـەید تەهای کوڕی شێخ ئەحمەد شیهابەددینە، لە گوندی نەهری لە ناوچەی شەمزینان دادەنیشت، ساڵی ١٨٣٠ لە گوندی نەهری لە دایک بووە و باوکی سەید تەها توانی شێخنشینییەک لە ناوچەی نەهری دابمەزرێنێ و پاش مردنی کوڕەکەی (شێخ عـوبەیدوڵڵا) جێی گرتەوە، کە کـارەکتـەرێکی بەهێزی هەبووە و ڕابەری ئایینی و دنیایی تەریقەتی نەقشبەندی بوو (١)، خوێندنی ئایینی و زانیاری و فەزیلەتی لە لای بەرزترین زانا بەرزەکـانی ئەو سـەردەمـە تەواو کـردووە (٢)، لە تەمـەنی (٣٤) سـاڵـیـدا بووەتە جـێنشین و ڕابەری تەریقـەتی نەقـشـبـەندی (٣)، سـاڵی (١٨٨٢) شێخ بە فرتوفێڵ دەکەوێتە دەستی عوسمانییەکان و بۆ شاری مەککە دووردەخرێتـەوە، لە ساڵی (١٨٨٣) دنیا بەجێ دەهێڵێت و لە مەککە بەخاک دەسپێررێت (٤).

لە سـاڵی «١٨٨٠»دا شـێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری شـۆڕشی دژ بە دەسـەڵاتدارانی قـاجـاری و عـوسـمـانی بەرپاکـرد، لە پێناو ڕزگـارکردنی نەتەوەکەی لە جەور و ستـەمی داگیرکـەران، ئەوەی باسی لێوە دەکرێت زیاتر و ئێـمـەش دەمـانەوێت لەسـەری بوەسـتین، پێـوەندی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵایە بە ناسیۆنالیزمەوە، کە ڕاوبۆچوونی جیـاوازی لەسـەرە، هەندێک بە شـۆڕشـێکی کـۆنەپەرستی و بەشـێکی تر بە شـۆڕشـێکی نەتەوەیی لە قـەڵـەمی دەدەن، دنیـابینی و کـارەکـانی وەڵامی هەریەک لەو بۆچوونانە دەدەنەوە، کە ئایا شـۆڕشەکەی شۆڕشێکی نەتەوەیی بووە، یان نەتەوەیی نەبووە ؟

«یەکـێـتی کـوردان»، یان «کـۆمـەڵەی کـوردان» وەک کـۆنفـیـدراسـیـۆنێکی خـێـڵـەکی لە سـەردەسـتی شـێخ عـوبەیدوڵڵا لە تەممووزی ١٨٨٠ دروسـتـبـوو، ئەم کـۆنگرە

خێڵەکییەی سەرۆک هۆزە کوردەکان زیاتر کاریگەری ڕوحانی شێخ عوبەیدوڵڵا و ڕایەڵە زۆر و زەوەندەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، نەک هۆکاری بابەتی ناو کۆمەڵگا (٥)، چەند وەفدێک لە سلێمانی، ئامێدی، هەورامان، بۆتان، چیاکانی ساسون، سیرت، مووش، وان و کوردستانی ئێرانەوە هاتبوون، هەروەها چەند سەرکردەیەک لە شوێنە دوورەکانی وەک سیواس و ئەماسییەوە هاتبوون (٦).لەم کۆنگرەیەدا (٢٢٢) کەس لە سەرۆک هۆزەکان و پیاوانی ئایینی هەموو ناوچەکانی کوردستان ئامادەبوون(٧).

ئەم کۆنگرەیە بە ئامادەبوونی هەموو سەرانی خێڵەکان و ناودارانی کورد و پیاوانی ئایین و نوێنەرانی هەموو چینەکانی کۆمەڵ لە گوندی «نایبری» ناوچەی شەمزینان بەسترا، تێیدا بڕیاری پێکەوەنانی «کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان» درا، شێخ عوبەیدوڵڵا بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای خەباتی شۆڕشگێڕانەی دژ بە هەردوو دەوڵەتی (تورکیا و ئێران) دا (٨)، شێخ عوبەیدوڵڵا لە بەردەم نوێنەرانی خێڵە کوردییەکاندا وتارێکی خوێندەوە، ئەمەش دەقی وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینییە، کە دەڵێت:«٥٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دامەزرا، عوسمانییەکان بە ناڕەزایی هاتنە سەرکار، دوای ٤٠٠-٥٠٠ ساڵ دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێی ئیسلامەتی لای دا و ڕێگای خوانەناسی گرتەبەر، لەوساوە لاواز و بێ دەسەڵاتە و تا دێت لە ڕووخان و هەرەسهێنان نزیک دەبێتەوە، ئەم هەرەسهێنانە بە ئەندازەیەک خێرا دێت کە ئیتر کەس گومانی نییە کە ئیمپراتۆر بەم زوانە تێدا دەچێ، ڕۆڵە ئازیزەکانم با گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی باب و باپیرانمان شل بکەین و چیتر سەر بۆ ستەم و چەوسانەوەی تورکە خوانەناسەکان شۆڕنەکەین، نەک هەر ئێمەی کوردی تورکیای عوسمانی، بەڵکو کوردی ئێرانیش دەبێ لەم دەوڵەتە کە تەگەرە لە پێشکەوتنمان دەدەن، ڕزگاری بێت. باب و باپیرانمان داواکارن هەموومان لە پێناو ئایین و ڕزگاری نیشتماندا تێ بکۆشین، بلیمەت و زانایان وتوویانە: «کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی لەبار زیرەکییە، ئەمڕۆ فارسەکان بە شەڕی تورکەکانەوە خەریکن و هەموو هێزیان بۆ شەڕ ناردووە، کەواتە ئەمڕۆ هەلومەرجی هەڵگیرسانی جووڵانەوەیەک دژ بە دەوڵەتی ئێران زۆر لەبار و گونجاوە. دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەگەر فارسەکان بە شەڕیشەوە خەریک نەبوونایە، ئێمە هەر لێیان نەدەترساین، چونکە فارسەکان ئەوپەڕی پێیان بکرێ لەسەد هەزار شەڕکەر زیاتریان پێ کۆناکرێتەوە، جارێ زیاتر لە نیوەی ئەو شەڕکەرانە برا کوردەکانی خۆمانن کە لە ژێر چەپۆکی دەوڵەتی ئێراندان و بە نۆرەی خۆیان هەمان هەستی ئێمەیان هەیە. لێرەدا لەبەر ئەوەی بەشێکی بەپیت و دەوڵەمەندی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندایە، ئێمە لە سەرەتادا دژی دوژمنی بێ هێز جووڵانەوەکە بەرپادەکەین، لە ئەنجامدا دەتوانین براکانمان و وڵاتە هەرە بە پیت و دەوڵەمەندەکەیان ڕزگاربکەین، ئەوەش کارێکی وا دەکات سەرچاوەیەکی گرنگمان چنگ بکەوێ، دەتوانین بەم سەرچاوەیە لەشەڕدا دژی دوژمنی دووەم و بەهێز، واتە تورکە عوسمانییەکان، پشت ئەستووربین، بەڵام ئەگەر هەر بە کێوەکانی خۆمان پشت ئەستووربین، ئەوە ناتوانین مەسەلەی ئازووقە دابین بکەین. ئایا هەڵوێستی ئێوە لەم بارەیەوە چییە ؟ ئایا ئێوە ئامادەن ڕێبازی بەرەو پێشەوە چوون بگرنە بەر ؟ گەر لەم بارەیەوە هیچ شتێکتان هەیە، تکایە بفەرموون» (٩). لەم وتارەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شێخ عوبەیدوڵڵا زیرەکانە ویستوویەتی ئایین بکاتە شوناسی نەتەوەیی و لە ڕێگەی ئایینەوە خەڵک کۆبکاتەوە و هۆشیاریان بکاتەوە لە چەوسانەوەی دەسەڵاتدارانی قاجاری و عوسمانی و هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەیان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو داگیرکەرانە.

هەندێک لە بەشدارانی کۆنگرە پێشنیاریان کرد ئەو هۆزانەی کوردنین لەناو ببرێن، بەڵام شێخ عوبەیدوڵڵا دژی ئەم پێشنیارە وەستایەوە و ڕوونی کردەوە کە تورک حەز بەمە ئەکات و پێی خۆشە کورد بکەوێتە دوژمنایەتی لەگەڵ ئەرمەنی و گەلەکانی تر، وتیشی:«ئەگەر ئێمە ئەرمەنییەکان لەناو بەرین کورد لای کاربەدەستانی تورک سووک ئەبێ و نرخی نامێنێ» (١٠)، شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی لەو بڕوایەدا بوو بۆ جۆشدانی تێکڕای چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە خەباتدا دژی تورک و ئێران، دەبێت بە ڕێکوپێکترین شێوە لە ئیسلامەتی کەڵک وەربگیرێ، بەتایبەتی لەو کاتەدا ئیسلام دەستەڵاتێکی زۆری لە کۆمەڵدا هەبوو، شێخ کەڵکی لە

ئیسلامەتی وەرگرت و لە وتارەکەیدا تورکەکانی بە زۆردار و خوانەناس و فارسەکانی بە دوژمنی ئایینی ئیسلام ناوبرد، ئامانجی شێخ لەو کارەدا یەکخستنی کورد و هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی بوو، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی کارێکی وای کردووە بەشێکی زۆری مێژوونوس و ڕۆژهەڵاتناسەکان شێخ بە کۆنەپەرست بزانن و جووڵانەوەکەی بە جووڵانەوەیەکی ئایینی کۆنەپەرست بدەنە قەڵەم (١١).

دەربارەی ئەم کۆمەڵەیە محەمەد حەمەباقی نوسیویەتی: (یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی کوردییە لە مێژووی (کۆمەڵە و ڕێکخراو و حزبی کوردی» (١٢)، بە داخەوە کورد خۆی هیچ ئاگاداری و بەڵگەنامەیەکی لەسەر ئەم کۆمەڵەیە نییە، بەڵام لە دووتوێی چەندان بەڵگەنامەدا تێدەگەین، کە:

١) شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری خۆی سەرۆکی ناوەندەکەی بووە.

٢) بەحری بەگی کوڕی بەدرخانی گەورە، کارگێڕەکەیەتی، ئامانجەکانیشی بریتین لە:

(أ) ڕزگارکردنی کوردستان لە دەست زوڵم و زۆری قاجاری و عوسمانی.

(ب) پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردستانی یەکگرتووی ئازاد، لە هەردوو بەشی قاجاری و عوسمانی.

(ج) دانانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بە حوکمداری کوردستان.

(د) دۆستایەتی کردنی گەلی ئەرمەن و مەسیحییەکانی کوردستان (١٣).

کۆنگرەی «شەمزینان» ڕووداوێکی مێژوویی گرنگ بووە لە مێژووی خەباتی گەلی کورد لە سەدەی نۆزدەم، چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا توانی ڕەزامەندی زۆربەی بەشداربووان وەربگرێ بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ (١٤)، خالفین باسی لەوە کردووە: «لەو کۆبونەوەیەدا شێخ عوبەیدوڵڵا دووپاتی کردووەتەوە، کە پێویستە کوردستانێکی یەکگرتوو دابمەزرێنرێ و چالاکانە دژی تورکیا و ئێران بجووڵێت، چونکە شێخ وتوویەتی: ئەم دوو وڵاتە درکن لە ڕێگای پێشکەوتنماندا (١٥)، ئەم پێوەندی بەستن و گردبوونەوەیەی سەرۆک و کەساتییە کوردەکان پێکهاتنی کۆمەڵەیەکی کوردی لێ هاتە بەر، کە شێوە و مۆرکێکی سیاسی - سەربازی هەبووە ئەم کۆمەڵەیە دەکرێ بە سەرەتای هەوڵی ڕێکخستنی سیاسی کوردی ئەژمار بکرێ (١٦).

ئامانجی سەرەکی شێخ عوبەیدوڵڵا لەم کۆنگرەیە پێکهێنانی یەکێتی نێوان عەشیرەتە کوردییەکان و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش بوو (١٧)، بەستنی ئەم کۆنگرە و کۆکردنەوەی ئەو سەرکردە زۆرەی کوردان بۆ ئەوەی یەکێتییەک بەدەست بهێنێت، باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هزری نەتەوەیی لەلای شێخ و ڕاپەڕیوان هەبووە، چونکە کۆکردنەوی کورد لە هەموو پارچەکان و پێکەوەنانی یەکێتی بۆ ئەوە بووە بیر لە ڕزگاری کوردستان بکرێتەوە و ئامانجێکی گشتگیر و سەرتاسەری هەبێت (١٨).

هەوڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا هەر لە یەک بوار و لەسەر یەک ئاست نەبوو، بەڵکو لە میانەی خۆ ئامادەکردن بۆ شۆڕش لە پێناو ڕزگارکردنی کوردستان و پێکهێنانی کیانێکی کوردی یەکگرتوو، لەسەر ئاستی دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردی و لە هەوڵی کار و پێوەندی دیبلۆماسیدا چالاکانە دەستی پێ کردبوو، لەوانە چەندان نامە و یاداشتی بۆ (د.کۆچیران، ئیقبال ئەلدەولەی حاکمی ورمێ) و گفتوگۆکانی لەگەڵ (کلایتۆن و ئابوت، ...) چەندانی تر و ناردنی نوێنەر بۆ گفتوگۆکردن و پەیڤین لەگەڵ دیبلۆماتەکانی ڕووسیا و بریتانیا لە تاران و تەوریز و ئەرز ڕۆم و وان (١٩).

یەکێک لەو خاڵانەی کە بەشی هەرە گەورەی نووسەران و مێژوونوسان کردوویانە بە بەڵگەی بیری ناسیۆنالیستانەی شێخ عوبەیدوڵڵا ئەو نامەیەیە کە بۆ (د.کۆچیران)ی ئینگلیزی نووسیوە و دەڵێت: «مەلا سمایلم ناردووە بۆ ئەوەی بە نهێنی وەک بە سەرزارەکی ڕام سپاردووە دۆخی ئێرەتان بۆ ڕوون بکاتەوە، بە تایبەتی تکاتان لێ دەکەم ڕاستییەکانی مەسەلەی کوردستان و چوونی کوڕەکەم بۆ سابلاخ، بە حکوومەتی ئینگلستان ڕابگەیەنن و ڕوون بکەنەوە. گەلی کورد کە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار بنەماڵە پێکهاتووە، میللەتێکی تایبەتە ئایینەکەیان لە ئایینی (ئەوانی تر) جیاوازە یاسا و نەریت و خوو و ڕەوشتی تایبەتییان هەیە لەناو هەموو میللەتاندا بە نەتەوەیەکی زیانبەخش و کەللە ڕەق و دڕندە ناودەبرێت، بەو جۆرە باسی کوردستان کراوە ئەگەر یەکێک (لە ناویاندا) کردەوەیەکی ناڕەوا و ناشرینی لێ

بوەشێـتـەوە، ناوی هەزاران پیـاو چاک و بێـوەی پێـوە لەکەدار دەکرێ، با لاتان ئاشکرابێت ئەم هەموو سیفەتە خراپانە لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی و ئێرانییەوە بە خۆڕایی بۆ کورد دروست کراون و هەڵبەستراون، چونکە کـوردسـتـان لە نێـوان ئەو دوو دەوڵـەتەدایە و هەردوو حکوومەتەکەش ئەوەندەیان لەباردا نییە کە چاک و خراپ لەیەک جیابکەنەوە، بەم جۆرە کەسە خراپەکان دەمێننەوە و خـەڵکە چاکـەکـانیش لەکـەدار دەبن و تێـدادەچن، بێ گومان لەنێو شتە دڕدۆنگەکانی تردا ناوی خێڵی عەلی شکاکت بیسـتـووە، بە کـردەوەی خـراپ و ناڕەوا ناویان دەرکــردووە چۆن ئـەزیـەتی هاووڵاتـی و بێگـانەیان دەدا، بەهەمان شێوەش دەستدرێژییان دەکردە سەر موسڵمانان و خەڵکانی تریش. هەردوو دەوڵـەتەکە ئاگـایان لە کـردەوە خراپەکانیان بوو، ئینجا لەبەر گوێ پێنەدان و هەوڵدانی ئێـران بۆ قـایمکردنی دەسـەڵاتی ئەم خـەڵک و خـوایە هەمیشە دوور دەبن لە شارستانییەت و بەدواکەوتوویی و دڕندەیی دەمێننەوە، کردەوە خراپەکانی خێڵی هەرکی کە ڕەعـیـەتی تورکـیـان، دیار و ئاشکرایە. حکوومـەتی عوسمانی دیسان وەک ئێران، یان خۆی لە پێشخستنی ئەم میللەتە گێل دەکات، یان بەچاوێکی نزمەوە سەیری دەکـات، هەمـیـشـە کـوردسـتـان بە خـراپی ناوبراوە و بەسووکی سەیر کراوە. جیاوازی لە نێوان خەڵکانی بێ وەی و شـەڕانیـدا ناکرێت. سـەرۆک و بەڕێوەبەرەکـانی کـوردسـتـان، ئینجـا لە ڕەعیـەتەکـانی عـوسمـانی، یان ئێرانی، هەروەها هەموو دانیشـتوانی کوردستـان خۆیان ڕێکخـسـتـووە و گـەیشـتـوونەتە ئەو بڕیارە کـە چیـتـر لەتوانایـیـدا نەمـاوە لە ژێر سـایەی ئەو دوو دەوڵـەتەدا بژین، پێویستە شتێک بکەین دەوڵەتە ئەوروپاییەکان وا لێ بکات لە مـەسـەلەکـە وردببنەوە، لە دۆخـەکـەمـان تێبگەن و بپرسنەوە. ئێمەش میللەتێکی دابەشکراوین، ئێمە دەمانەوێت بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆمان بەدەست خـۆمــانەوە بێت، بۆ ئەوەی لە سـزادانی تاوانکارانی خۆماندا بەهێز و سەربەخۆ بین، ئەو مافانەمان هەبێت کە میـللەتەکـانی تر هەیانە و سـەبارەت بە خـەتابارەکـانیش ئێـمـە ئامـادەین ئەوە بگرینە ئەسـتـۆی خـۆمـان (بەڵـێن دەدەین) کە ئازار و زیان لە هیچ مـیـللەتێک نەکـەوێت، ئەمەیە ئامانجی ئێمە و هۆی چوونی کوڕەکەم بۆ سابڵاخ، بۆ ئەوەی لە دۆخی کوردستان وردببنەوە و بپرسنەوە، هیچ خـراپەیەک ڕوونەدات، دەنا سـەرتاپای کـوردسـتـان مەسەلەکان دەخەنە دەستی خۆیانەوە، چونکە میللەت لە تواناییدا نەماوە خراپە و چەوساندنەوەی بێ وچانی ئەو دوو دەوڵەتە هەڵبگرێ»(٢٠).

لەسەرەتای نامەکەدا شێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری باس لە ئایینی جـیـاواز دەکـات، هەروەها داب و نەریت و ڕەفـتـاری جیـاواز کە کـورد لە عـوسـمـانی و قـاجـاری جیادەکـاتەوە، مەبەستی شێخ لەوەی کە ئایینی کـورد جیاوازە، لەوەدایە کە کورد لەسەر ئایینزای شافعییە و تورک لەسـەر ئایینزای حـەنەفی و فـارسـیش لەسـەر شیـعـەی دوازدە ئیـمـامی (٢١)، شـێخ لێـرەدا خـۆی دەخـاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی گەورە لەگەڵ یەکێک لە زلهێزەکانی دنیا، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی کە شێخ ناویەتی بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکەی. شـێخ نامـەیەکی ناردبوو بۆ کـاپتن (کـلایـتـۆن) کـە کونسوڵی ئینگلیز بووە لە (وان) و ئاگاداری کردووە کە دانیشـتوانی هەموو کوردسـتـان دەیانەوێ یەک بگرن و نابێ وڵاتەکـەیان هەر بە دابەشکراوی بمێنێتەوە (٢٢)، لە (٣٠) تشـرینی یەکـەمی (١٨٨٠)دا (تۆمـسـۆن)ی باڵـیـۆزی ئینگلیـز لە تاران ئاگـاداری (گـرینفلین)ی وەزیری دەرەوەی ئینگلیزی کردەوە، کە شێخ عوبەیدوڵڵا نامـەی ناردووە بۆ (اقبـال الدولة)ی مـوتەسـەڕیفی «ورمێ»ی ئێـران و ڕێکخـراوە ئەمـریکـیـیـەکـان، لەو نامـانەدا ئاگـاداری کـردوون، کـە کـوردە چەکـدارەکـانی ناردووە بۆ ئێران بۆ داواکردنەوەی ئەو مافـانەی لێـیـان زەوت کـراوە، ئاگـاداریشی کـردن کـە سـەرۆک هۆزە کوردەکان ئامانجیان یەکخستن و سەربەخۆیی کوردستانە (٢٣)، هەروەها لە نامـەکـەی (مـەیجـەر ترۆتەر) بۆ (مستەر گۆشن) هاتووە، شتێکی بەڵگەنەویستە کە بە نفـووزترین کـەس لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان شـێخ عـوبەیدوڵڵایە و، شـەخـسی خـۆی و دەسـەڵاتی لەناو کوردەکانی سنووردا زۆر لە وەی سوڵتان پیرۆزترە، بێ گومان کە ئامانجی ئەم پیاوە ڕزگارکردنی وڵاتەکەیەتی لە کاربەدەستانی سوڵتان و دانانی خۆی بە حوکمداری کوردستان، کە پێکهاتووە لە بەشێکی باشووری وان و بەشێکی باکووری ولایەتی مووسڵ و زیاتریش بەهەموو لایەکدا ئەوەندەی کە بتوانێت نفووزی فراوان بکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەی سیاسەتی ئێستای ڕاکێشانی

مەسیحییەکانە بەلای خۆیدا، نەک لە خۆشەویستی، یان ڕێزەوە بۆیان، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی (٢٤).

لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەی دەربارەی مەسیحییەکان نووسراوە لەو نامەیەدا زیادەڕۆیی تێدایە، بەپێچەوانەوە شێخ عوبەیدوڵڵا هەڵوێستێکی باشی هەبووە بەرانبەر مەسیحییەکان کە دواتر باسی لێوە دەکەین، شێخ هەوڵی داوە پشتیوانی مەعنەوی-سیاسی گەلانی عەرەب و پشتیوانی گەورە پیاوەکانیان بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە پێوەندی لەگەڵ چەندان شوێن کردووە، نامە و نێرراوی ناردووەتە لایان لەوانە: (شەریفی مەککە، خدێوی میسر، هەندێ لە گەورە پیاوانی عەرەب لە ولایەتەکانی مووسڵ و بەغدا کە هاوسۆزی نفووزی سیاسی و ئایینی خۆی بوون) (٢٥).

شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ سەرخستنی شۆڕشەکەی ویستوویەتی زۆرترین خەڵک لە خۆی کۆبکاتەوە و ئەوانەی دژی دەسەڵاتی عوسمانی و قاجارین بۆ لای خۆی بانگێشت بکات، هەر ئەمەشە وادەکات کە شۆڕشەکەی لە شۆڕشەکانی تر جیاواز بێت، کە زۆرترین جەماوەر تێیدا بەشداربن. شێخ بۆ سازدانی خەڵک هەوڵی دا لە چەند لایەنێکەوە کاربکات، لەوانە:

**یەکەم:** ئەوانەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەکگرتوو نین ناکۆکییەکانی ناوخۆیان بخەنە لاوە، واز لە دوژمنایەتی یەکتر بهێنن، نەهێشتنی دزی، جەردەیی، تالانی، دەستدرێژی، پەرەپێدانی دادپەروەری لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی خەڵکدا، جێگیرکردنی ئاسایش، ئاشتکردنەوەی خێڵە ناکۆکەکان لەگەڵ یەکتریا، چاککردنی پێوەندی و ڕەفتار لەگەڵ مەسیحییەکانی دراوسێیانی کردبووە بەرنامەی ڕۆژانەی خۆی.

**دووەم:** لەڕووی سیاسییەوە هۆشی نەتەوەییان هەبێ، زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ڕۆم و عەجەم، ناڕەوایی دەسەڵاتی هەردوو دەوڵەت، ڕەوایی ئامانجەکانی خۆی لەبارەی ڕزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی تایبەتی خۆیەوە، تێ بگەن.

**سێیەم:** لەڕووی سوپاییەوە، ئامادەبن بۆ خۆچەکدارکردن و خۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی لەشکرێکی چەکدار کە بتوانێ دەسەڵاتی ڕۆم و عەجەم لە کوردستان ڕابماڵێ، نیشتمانەکەی ئازاد بکا و لە دەستدرێژی داگیرکەر بیپارێزێ (٢٦).

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەو چاکسازییانەی کە بڕیاربوو لە ناوچە ئەرمەنییەکان ئەنجام بدرێن، کە لە پەیماننامەی بەرلین تۆمار کرابوون، هۆکارێک بوو بۆ پەلەکردنی شێخ بۆ یەکخستنی کورد و هەڵگیرساندنی شۆڕش(٢٧). لەبەر ئەوەی بەشێک لە ناوچە کوردییەکان بەر ئەو چاکسازییە دەکەوت و خاکی نەتەوەیی کورد داگیر دەکرا، پاڵنەری نەتەوەیی وای لە شێخ کرد ئەو شۆڕشە بەرپا بکات، هەردوو بەندی (١٦) و (٦١) ی بڕیارنامەی هەردوو کۆنگرەی «سان ستیڤان» و (بەرلین)*، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕیفۆرمێکی نزیک بە ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە ئەرمەن نشینەکان پیادە بکەن، کە وەک خودی ئەرمەنەکان لەو کاتەدا دەیانسەلماند و پێییان لەسەر دادەگرت، مەبەستمان لەو ناوچە ئەرمەن نشینانەش، ناوچەکانی (وان، ئەرزە ڕوم، مووش و دیار بەکر) بوو، کە وەک خۆیان دەیانوت: «لەو شوێنانەدا ئەرمەن زۆرینەی دانیشتوانیان پێک دەهێنا» (٢٨).

(حاجی قادری کۆیی)** نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو ڕووناکبیرە پێشەنگ و خرۆشانەیە بەو هۆیەوە کە لەو کاتەدا خۆی لە ئیستەنبوڵ و بە پەرۆشیشەوە لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بووە، دوو قەسیدەی بەکوڵ و بەسۆز و خرۆشاوی بۆ ئەو بڕیارنامانە و بۆ ئەم ڕووداوانە نووسیوە، لەیەکێک لەو قەسیدانە دەڵێت:" خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان، سەد حەیف و سەد مخابن، دەیکەن بە ئەرمەنستان"(٢٩)، شێخ عوبەیدوڵڵا بۆ ئەوەی نیشتەنییە ئەرمەنەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، کەوتە پێوەندی بەستن لەگەڵ نوێنەرانی کڵێسەی ئەرمەندا، چەند جار شێخ نوێنەرانی باوەڕپێکراوی خۆی ناردە لای (ئەرخیماندریت ئوگانیس وارتاپێت) لە باشقەڵا و داوای لێ کرد چاویان بەیەک بکەوێت، بۆ ئەوەی بە جووتە لە دۆخی وڵات بدوێن و ڕێوشوێنی بەکەڵک بدۆزنەوە (٣٠)، چونکە شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی لەو بڕوایەدا بوو کە دوژمنایەتی کورد و ئەرمەن لە قازانجی دوژمنانە و قازانجی کوردی تێدا نییە، بۆیە ویستی دۆستایەتی کورد و ئەرمەن پتەو بکا و هەرچی ناکۆکی هەیە لەنێوان کورد و ئەرمەندا بەشێوەیەکی

هێمنانە چارەسەر بکا، ئەو یەکێ لە ئەرمەنەکان کە ناوی «سیمۆن یاکۆ فلۆوییچ گیلیگارۆف» بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوەی دانا (٣١).

دەربارەی هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا لەلایەن هەندێک لە نووسەر و مێژوونووسەوە کە ئایا شۆڕشەکەی شۆڕشێکی نەتەوەیی بووە؟ بە شێوەیەکی گشتی دوو هزری دیار و بەرچاو لەناو ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا هەبوو، ئەوانیش بیری نەتەوەیی و بیری ئایینی بوون، بەپێی بەڵگەکانی بەردەست ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، هەرچی بیری عەشائیرییە، ئەوە دەتوانین بڵێین تێیدا نەبووە، ئەگەر هەبووبێت ئەوە زۆر کز و لاواز بووە (٣٢)، بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا سەرباری ئەوەی کە شێخ عوبەیدوڵڵا خۆی شێخی عەشیرەت بوو، بنەماڵەکەیان خاوەنی خانەقا بوون و موریدی تەریقەتی تەسەوفی نەقشبەندی بوون، بەڵام ئەم خاوەنی جۆرێک لە هەستیاری نەتەوەیی بوو، ئەم هەستەش لە وجودی شێخدا ئینتیمای بۆ نەتەوە بالا دەست کردبوو بەسەر ئینتیما بۆ عەشیرەت و نەسەب، لێرەدا بە تێڕوانینی ئێمە پەیڕەوکردنی تەریقەتی نەقشبەندی سەرباری ئەوەی لەسەر بنەمای کولتووری دامەزراوە، بەڵام دەشێ لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی شێخ عوبەیدوڵڵادا دەوری هەبووبێت، بەو ئەندازەی کە شێخ ببێتە یەکەم ڕابەری داواکاری جۆرێک لەسەربەخۆیی بۆ کورد (٣٣).

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا لەبەر ئەوەی کە ئامانجی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ پێکهێنانی «کوردستانی گەورە و سەربەخۆ» هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ تێیدا بەشداربوون هەردوو بەشەکەی کوردستان، واتە «کوردستانی ئێرانی و عوسمانی»*** گرتبووەوە کە بە گەورەترین جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی سەدەی نۆزدەم دەژمێرێ (٣٤)، نەجاتی عەبدوڵڵا دەڵێت: «من لەگەڵ ئەوەدام بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بە سەرەتایەکی نوێ دابنرێ بۆ لەدایکبوون و چەکەرەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردی» (٣٥)، مینۆرسکیش لەبارەی بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاوە دەنووسێت: «بزووتنەوەکەی ساڵی (١٨٨٠) جیاوازە لە بزووتنەوەکانی تر، سەرکردەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا بووە کە لە کوردستاندا شوێنێکی ئەدەبی باشی هەیە، هەر ئەو بوو کە لە شەڕی ساڵی ١٨٧٨دا یارمەتی تورکەکانی داوە، ئامانجی ئەم بزووتنەوەش بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان بووە» (٣٦).

موجتەبا بوزووربی جیاواز لەوانەی ئاماژەمان پێ کرد بۆچوونێکی پێچەوانە و جیاوازی هەیە و پێی وایە و باس لەوە دەکات کە: «هەستی نەتەوایەتی کوردی لەم قۆناغەدا هیچ ڕۆڵێکی لە سازبوونی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەبینی» (٣٧)، ئەم بۆچوونە زیادەڕەوییەکی زۆری تێدایە و بە شێوەیەکی ڕەها هەستی نەتەوەیی لە بزووتنەوەکە دووردەخاتەوە، ئەو نموونە و بۆچوون و بەڵگانەی کە لە پێشەوە باسمان کرد و ئاماژەمان پێ کرد، وەڵامدەرەوەی وردی بۆچوونەکەی (موجتەبا بوزووربی)یە، نەوشێروان مستەفاش وتویەتی: «خەباتی کورد بە ڕابەری گەورە پیاوێکی ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ، وەک شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی چووە قۆناغێکی نوێوە، ئەگونجێ دابنرێ بەسەرەتای گۆڕانی «هەستی نەتەوەیی» کورد بۆ «هۆشی نەتەوەیی» و دانانی بناغەی سەرەتا گشتییەکانی چوارچێوەی ستراتیژی کاری نەتەوەیی کورد لە پێناوی ڕزگاری و یەکگرتنەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ» (٣٨)، ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی ڕاپەڕینەکە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو کە هەموو کورد بێ جیاوازی (خێزان-بنەماڵە - خێڵ - ناوچە - شێوازی زمان) لەسەر بنچینەی پێوەندی نەتەوەیی کۆبکاتەوە (٣٩). لێکۆڵەر (د.عیسا) دەنووسێت: «شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا (١٨٧٨-١٨٨١) شۆڕشێکی نەتەوایەتی بوو بە واتای نوێ، شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی شێخێکی ئایینی بوو، کە نیشتەجێی کوردستانی تورکیا (باکووری کوردستان) بوو، ئەو یەکەم کەس بوو کە بانگەشەی یەکڕیزی کوردی کرد و بانگەشەی بۆ سەربەخۆی کورد کردووە (٤٠)، حەمید بۆز ئەرسەلانیش دەڵێت: «ئەم جووڵانەوەیە یەکەمین باڵەخانەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بیناکرد، یەکەمین قۆناغی دژایەتی کورد لە بەرانبەر ناوەندنی لەخۆ دەگرێت» (٤١)، ئامانجی سەرەکی شێخ یەکێتی کورد بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا (٤٢)، جەعفەر عەلیش وتوویەتی: «بزووتنەوەکە لە ئاستی پێکهاتەی دەزگاکانی، نەبوو بە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری هۆشیار و ڕێکخراو، وە سروشت و خەسڵەتی عەشیرەتی

و تاکگەرایی بەســـەردا زاڵبـــووە، بەڵام بوو بە ڕێگا خـۆشکەرێک لە بڵاوکـردنەوەی هەرچی زیاتری هۆشی نەتەوەیی کوردی و بەرجەستـەکردنی بیری نـەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگـــاریخـــوازی کـــورد لە چوارچێـــوە ناسیۆنالیستەکەیدا» (٤٣).

جەمال نەبەز دەڵێت: «بە ڕووخاندنی میرنشینەکان، ئەوجا کورد بە هۆشدا هاتنەوە و گومانیان لە ڕاستیی ئەو (برایەتی ئیســـلام)ـە پەیدا کـرد و چەند شـۆڕش و ڕاپەڕینێکیـان بەرپا کـرد، بەڵام ئەم شۆڕشانە (بۆ نموونە شـۆڕشـەکـەی شـێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری لە سـاڵی ١٨٨٠دا) شـتـێک نـەبوون لە پەلە قـاژێی مـەرگ زێـتر، هەمـوو هەڵچوون و هەژانێکی لەپڕ و ناڕێکخراو بوون، بۆیە سەرپاکیان لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی تورکەوە، یان بەزەبری ئایین، یان لە ڕێی فـرتوفـێڵ و فـریوەوە خامۆش کراون، ئەم شۆڕشانە ئایدۆلۆژییەکی جەماوەری و ڕەگ داکـوتاویان نەبووە، پاش مـردن و لەناوچوونی سـەرکردەکـانیـان، شۆڕشگێـران بڵاوەیان لێ کـردووە و لەسەر ژیانی ئاسایی خۆیان بەردەوام بوون» (٤٤).

ئەگەر بەپێی ئەم بۆچوونە بێت دەبێت هیچ شۆڕشێک لە مێژووی کوردا بیری نەتەوەیی، یان بیری سەربەخۆیی نەبووبێت بە بەرنامـــەی، چونکە دوای لـەناوچوونی سەرکردەکانیان شۆڕشەکە خامۆش کراوە، لاوازی کورد لە ڕووی سیـاسی و سـەربازی و ئابوورییـەوە وای کـردووە دوای نەمـانی سـەرکـردەکـان شـۆڕشـەکـە دامرکـێـتـەوە و نەتوانێت ڕووبەڕووی دەوڵـەتی عـوسـمـانی بێـتـەوە، بەتایبـەتی ئەمـە بە شـۆڕشـەکـەی شـێخ عـوبەیدوڵڵای نەهرییەوە دیارە، نەک نەبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی جـەماوەری، دەتوانین بڵـێین ناسیـۆنالیـزمی کـوردی بە شـۆڕشـەکـەی شـێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری ڕچەشکێنی دەستی پێکرد و لە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیدا ئاراستەی خۆی وەرگرت و لەم قـۆناغـەدا (نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم) زیاتر خـەمـڵـێنی پێـوە دەرکـەوت و شـێلگیـرانە داکـۆکی خـواسـتی هاوچارەنووسی لە نێـوان تاکـەکـانی نەتەوەیی کورددا لە کـوردسـتـان دروست بوو بوو، بەمـەش بنەمایەکی جەماوەری بۆ شۆڕشەکە پێکهاتبوو(٤٥).

بە لێکدانەوەی زۆربەی مێژوونووسانی کورد و بیانی، سـەرهەڵدانی شۆڕشەکەی شێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری لە ســـــاڵی ١٨٨٠ نموونـەیـەکی نـوێ بـوو لە بـزاڤــــــە کوردییەکاندا، چونکە بۆ یەکەم جار پێش بزاڤەکە خەڵک کۆدەکرێتەوە و قسەو باس دەکرێت، دروشمێک هەیە کە باس لە دەوڵـەتێک دەکـات و ژمـارەی بەشداربووان زۆرن بە بەراورد لەگـەڵ سـەرهەڵدانەکـانی پێـشـتـر، هەروەها پێوەندیکردن بە دەوڵـەتانی زلهێزەوە و بەشداریکردنی ئەو دەوڵـەتانە لە سەرکوتکردنی سەرهەڵدانەکە زیاترە (٤٦).

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

(١) عـەبدوڵڵا عـەلیـاوەیی: کـوردسـتـان لە سـەردەمی دەوڵـەتی عوسمانیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢٦.

(٢) فـاتح ڕەسـووڵ: بنچـینەی مـێـژووی بیـرۆکـەی چەپ لە کوردستاندا، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠١، ل١٧.

(٣) مـحـمـد حـەمـەباقی: شـۆڕشی شـێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠) لەبەڵگەنامەی قاجاری دا، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٤٦.

(٤) فاتح ڕەسووڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٥) نەجاتی عەبدوڵڵا: شۆڕشی شێخ عـوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی فەڕەنسیدا (١٨٧٩- ١٨٨٢)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦.

(٦) جـەلیلی جـەلیـل و ئەوانی تر:بزاڤی کـورد لە سـەردەمی نوێدا، و/ حمەصالح گەلاڵی، گۆڤاری (پەیڤین)، ژمارە (١٠)، ٢٠٠٠، ل٣٧.

(٧) د.سـەعـدی عـوسـمـان هەروتی: بزاڤی ڕزگـاریخـوازی نیـشـتـمـانی لە کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵاتدا (١٨٨٠- ١٩٣٩)، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٩.

(٨) عـەزیز شـەمزینی: جـوولانەوەی ڕزگـاری نیـشـتـمـانی، و/ فەرید ئەسەسەرد، چاپی چوارەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١٧.

(٩) د. عزیز شەمزینی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩- ١٢١.

(١٠) ن. أ. خالفین: خەبات لەڕێ ی کوردستـاندا، و/ جەلال تەقی، سلێمانی، ١٩٧١، ل١٧٩.

(١١) د. عزیز شەمزینی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.

(١٢) محمد حەمەباقی: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧- ٧٨.

(١٣) نەوشیروان مستەفا ئەمین: کورد و عەجەم، چاپی دووەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٢.

(١٤) محمد نجم تاڵەبانی: ڕاپەڕینە مەزنەکەی کورد بە ڕابەری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ز، ١٩٩٣، ل٩

(١٥) ن. أ. خالفین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩- ١٨٠.

(١٦) د. سـەعـدی عـوسـمـان هەڕوتی: سـەرچاوەی پێـشـوو، ل٧٧- ٧٨.

(١٧) جـەلیلی جـەلیـل و ئەوانی تر: سـەرچاوەی پێـشـوو، ل١٣٧.

(١٨) ئاری کاکل محمد: بنەما هزرییەکانی ڕاپەڕینە کوردییەکانی نێوان سالآنی (١٨٨٠- ١٩٢٥)، گۆڤاری (خامە)، ژمارە(٥)، ئازاری٢٠٠٧، ل٦٢.

(١٩) هیوا عەزیز سەعید: ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠- ١٩٣٩)، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٢- ٧٣.

(٢٠) جەمال میرزا عەزیز: لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی (بەڵگەنامەکانی شۆڕشی١٨٨٠)، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٨٥- ٨٧

(٢١) جرجیس فتح الله: مبحثان علی هامش ثورة الشیخ عبیدا لله النهري، الطبعة الثانیة، اربیل، ٢٠٠١، ل٢٦

(٢٢) محمد ڕسوڵ هاوار: سمکۆ (ئیسماعیل ئاغای شکاک) و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١٦.

(٢٣) ن. أ. خالفین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

(٢٤) جەمال میرزا عزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(٢٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٠.

(٢٦) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩١.

(٢٧) هەوراز جەوهەر مەجید: پەرەسەندنە سیاسییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان سالآنی (١٨٨٠- ١٩٠٠)، گۆڤاری (خامە)، ژمارە (٥)، ٢٠٠٧، ل٣٧.

* بەندی (٦١)ی پەیمانی (سان ستیڤانۆ) شوباتی ١٨٧٨ کە کۆتایی بە شەڕی نێوان ڕووسیا و تورکیا هێنا، بۆ مەسەلەی ئەرمەن تەرخانکراوە، لەو بەندەدا بەتایبەتی باسی چاککردنی کاروباری کارگێڕی ئەو پارچەیەی دەوڵەتی عوسمانی کراوە. دوا بە دوای ئەوە لە حوزەیران - تەمووزی هەمان ساڵدا کۆنگرەی (بەرلین) گیرا و ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان (بەریتانیا - ڕووسیا - ئەڵمانیا - فەرەنسا و نەمسا و تورکیا) و نوێنەری ژمارەیەک دەوڵەتی گەلانی بەڵقان تێیدا بەشداربوون، گەورەی هەموو کڵێساکانی ئەرمەنیش بەتایبەتی هاتنە بەرلین بۆ بەشداری کۆنگرە، هەرچەندیش ڕێگا بەو نوێنەرانە نەدرا لە کۆبوونەوەکانی کۆنگرە ئامادەبن، بەڵام بەندی (٦١)ی ڕێکەوتننامەکە لە ئەنجامدا مۆرکرا و دیسان بۆ مەسەلەی ئەرمەن تەرخانکرا، بەپێی ئەم بەندە دەبوو تورکیا ئیسلاحاتی کارگێڕی لە ئەرمینیادا بکات، زیاتر ڕێگەی ئەرمەنەکان بدات خۆیان ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان بگرنە ئەستۆ و جیاوازی لەنێوان ئەوان و موسڵمانەکاندا نەمێنێ. (د. کەمال مەزهەر: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بغداد، ١٩٧٥، ل١٠٤- ١٠٥)

(٢٨) محمد حەمەباقی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

** ناوی تەواوی شاعیری نەتەوەییمان حاجی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە، زۆربەی لێکۆڵەرەوانی کورد دەڵێن لە ساڵی (١٢٣٢)ی ک١٨١٧ی ز) لەدایک بووەو هەندێکیش لەپاڵ ئەو ساڵەدا دەنووسن لەنزیک کۆیسنجاق بەبێ ناوهێنانی شوێنەکە لەدایک بووە، ماوەیەک لە ئیستەنبوڵ ژیانی بەسەربردووە، حاجی لە ساڵی (١٨٩٧)دا لە ئیستەنبوڵ لە ئاوارەیی بەبێ کەسی سەری ناوەتەوە، لە گۆڕستانی قەرەج ئەحمەد نێژراوە. (سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا: دیوانی حاجی قادری کۆیی، سنە، ٢٠٠٧ کوردی، ل١٩- ٢٨.)

(٢٩) هەمان سەرچاوە، ل٩٦- ٩٧.

(٣٠) د. جەلیلی جەلیل: ڕاپەڕینی کوردەکان ساڵی١٨٨٠. و/ د. کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٨٧، ل١٠٨- ١٠٩

(٣١) د. عزیز شەمزینی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

(٣٢) ئاری کاکل محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(٣٣) عەتا قەرەداغی: ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەیی کورد، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٩٣.

*** لەو کاتەدا کوردستان بەسەر دوو بەشدا دابەش بووبوو.

(٣٤) نەجات مستەفا ڕۆستی: بزووتنەوەی شێخ عبیداللەی نەهری و بیری سەربەخۆیی دەوڵەتێکی کوردی، گۆڤاری (مرۆڤایەتی)، ژمارە(٩- ١٠)، ساڵی یەکەمی ١٩٩٧، ل٦٥.

(٣٥) نەجاتی عەبدوڵلا: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٣٦) مینۆرسکی: کورد، و/ حەمە سعید کریم، ١٩٨٤، ل٥٧.

(٣٧) موجتەبا بورزوویی: بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠- ١٩٤٦)، و/ نازناز محمد عەبدولقادر و ئەوانی تر، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠٤.

(٣٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

(٣٩) محمد نجم تاڵەبانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٤٠) لە محمد مجید عەسکەری: گەشەکردنی بیری نەتەوایەتی کوردی، گۆڤاری (ڕێبەری پێشمەرگە)، ژمارە (٨٨)، ساڵی دوانزەهەم، ٢٠٠٧، ل٣١ وەرگیراوە.

(٤١) حەمید بۆزئەرسەلان: کوردایەتی و جووڵانەوەی کورد لەماوەی نێوان (١٨٨٩ - ٢٠٠٠)، و/ دۆستی تورکیا، گۆڤاری (دۆستی تورکیا)، ژمارە(٤)، ٢٠٠٦، ل٦٦.

(٤٢) جرجیس فتح الله: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

(٤٣) جەعفەر عەلی: ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٦٧.

(٤٤) جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی، چاپی سێ یەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٦٦.

(٤٥) هیوا عزیز سعید: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩- ٨٠.

(٤٦) د. جبار قادر: بزاڤی نەتەوەیی کورد لە ئێستا و ڕابردوودا «مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورد»، گۆڤاری (هاواری نوێ)، ژمارە (٢٧) ئاداری٢٠٠٧، بەبێ لاپەڕە، لە ئینتەرنێتەوە.

*** ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ**